www.xebat.net
دوو شەممە 2017/3/20 ژمارە (5235)

لە یادی لەدایکبوونی بارزانی نەمر، پێشمەرگە بەڵێن دووپات دەکەنەوە

خەبات: تریفە ئازاد

ساڵانە وەک نەریتێک گشت چین و توێژەکان بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا و دریژەدان بە خەباتی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی ، چین و توێژەکان لە سەرجەم ئاستەکانی کۆمەڵگە سەردانی مەزاری نەمران دەکەن ،هەر لەم چوارچێوەیەشدا پێشمەرگەکانی کوردستان کە لە سەنگەری خەباتەوە پەیمانی سۆز و وفا دووپات دەکەنەوە کە هەمیشە پاریزەری خاک و نیشتمان بن تا گەیشتنە ئامانجی بااڵ کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

عەقید یاسین ،بەرپرسی سوپای چی زێرەڤانی سەبارەت بەم یادەوەریە بۆ ڕۆژنامەی خەبات وتی: بارزانی نەمر سمبولی نەتەوەیی کورد بوو ، قوتابخانەیەک بوو کە تیایدا کاکە ئیدریس و کاک مسعود وانەی کوردایەتی فێر بوون،بارزانی نەمر یەکەم تیشکی بەرەبەیانی هەموو شۆڕشێک بوو، گوڵی ئازادی بوو کە تا ئێستاش ڕەگەکەی لەناو خوێن و دڵی هەموو تاکێکی کورد داکوتاوە .بارزانی نەمر تاکە دەنگی کپ نەکراو بوو لە کوردستان هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد دەجەنگا و چەندین داستان و شۆڕشی تۆمار کرد . بارزانی سەرکردەیەک بوو کە تا ئێستا ڕووسەکان بە ژەنەراڵ ناوی دەهێنن ،بارزانی نەمر ئەو سەرکردەیە بوو کە پارتێکی دامەزراند کە ساڵ لە دوای ساڵ ناوی بەرزتر دەبێت ،بارزانی باوک بوو فێرە کوردایەتی و خۆنەویستی خاکی کردین کە هەمیشە سەربەرز بین و چۆک دانەدەین بۆ هیچ دوژمن و وڵاتێک هەر ئەو وانەی بارزانی نەمر بوو ئەمڕۆ توانیمان بەرامبەر گەورەترین دوژمن بوەستین ئەویش تیرۆرستانی داعش بوو. خەباتی بارزانی نەمر بوو کە وای لە ئێمە کرد کە خۆمان بکەینە قوربانی و نەهێڵین خەونی تیرۆرستان بێتە دی، ئێمە وەک پێشمەرگە بەڵێن دەدەین کە دریژەپێدەری خەباتی پیرۆزی بارزانی نەمر دەبین و هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە خاکی پیرۆزی کوردستان بپارێزین و هەوڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بین .

ئامۆژگار تاهیر، پێشمەرگە لە سوپای چی زێرەڤانی لە میحوەری خازر لە یادی لەدایکبوونی بارزانی نەمر بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: من وەک پێشمەرگەیەک لە یادی لەدایکبوونی بارزانی بەڵێن دووپات دەکەمەوە کە هەمیشە دریژەپێدەری ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دەبین ،هەموو کات توانا کافمان یەکدەخەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان دژی دووژمنان دەوەستین و بۆ هێنانەدی خەونی لە مێژینەی بارزانی و شەهیدانی کوردستان.

نازم هەرکی ،فەرماندە لە لیوای 10ی پیادەی هەولێر لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوک لە یادی لەدایکبوونی بارزانی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بارزانی ئەو سمبولە گەورەیە بوو کە هەموو جیهان شانازی پێوە دەکات و باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بوو، بارزانی لە پێناو بە دی هێنانی خەونی گەلەکەی تێدەکۆشا ،بەرامبەر دوژمنان. لە یادی لەدایکبوونی بارزانی دا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە دریژە پێدەری خەباتی ئەو بین بۆ ئەوەی گەلی کورد بگات بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی ئەویش بە دەوڵەت بوونی کوردییە.

عەقید شێرزاد نایف لە میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە لە یادی لە دایکبوونی بارزانی نەمردا گوتی: هەبوونی بارزانی باوک سروشتی بوو بۆ میللەتی کورد، بۆ بەرخودان و بەرەوپێشچوون ئەو کە وەفاتی کرد سەرکردەیەکی تری مەزنی بۆ ئێمە بەجێ هێشت کە هەمیشە جێگای شانازیە ئەویش جەنابی سەرۆک بارزانیە ئێمە وەک پێشمەرگە شانازی بە ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر دەکەین ،بارزانی نەمر خوا بە کوردی بەخشی وەک موعجیزەیەک بوو کە جێگای شانازی بوو بارزانی گەلێک دەستکەوتی بۆ میللەتی کورد تۆمار کرد ئەگەر بارزانی نەمر نەبا ئێستا کورد وا نەبوو، بارزانی نەمر بووبووە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد لە هەموو جیهان لە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان بە جیهان بناسرێت بۆیە ئێمە وەک پێشمەرگە هەمیشە پێشمەرگەی خەباتی بارزانی نەمر دەبین و دریژەپێدەری خەباتی ئەو دەبین چونکە خەباتی بارزانی نەمر خەباتێکە پڕە لە کوردایەتی و خۆشەویستی خاک و وڵات.

شەهیدی فەرماندە عەقید حەمەدئەمین دەرویش سلێمان:

نموونەی پێشمەرگەیەکی قارەمان

خەبات: قەزای شەقڵاوە- سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

کاتێ سەیری لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی پڕ لە بەرخودان و تێکۆشانی کوردستان دەکەین دەبینین بە هەزاران تۆماری جوامێرانەو سەروەریی نەخشێنراوە، کە لە بەشێک لەو مێژووەشدا چیرۆکی زۆر قارەمان کە بەرگریان لە گەل و خاکی نیشتیمانەکەیان کردووەو هەر لەم ڕێگا پیرۆزەشدا گیانی پاکیان بەخشیوەو بە کاروانی نەمران گەیشتون، یەکێک لەو مێرخاسە نەمرانە شەهیدی فەرماندە عەقید(حەمەدئەمین سیساوەیی)یە کە گیانی فیدای ڕێبازەکەی کرد.

ژیان و خەباتی شەهید

شەهیدی فەرماندە عەقید (حەمەدئەمین دەرویش سلیمان) ناسراوە بە (حەمەدئەمین سیساوەیی) لە ساڵی 1952 لە بنەماڵەیەکی هەژار و کوردپەروەر لە گوندی سیساوە سەربەقەزای شەقڵاوە لە دایکبووە،دەرچووی پۆلی شەشی سەرەتایی یە،دواتر وازی لە خوێندن هێناوە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی باوک و دایک و خوشک و برایەکانی دەستی یەکاسبی کرد و لەتەمەنی لاویەتیەوە هەستی کوردایەتی و نیشتمانی دەچێتە ناخی دڵی وساڵی 1967ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و پەیوەندی بە بەتالیۆنی 6ی بێتواتە کرد و چوپە لای شەهیدی فەرماندە عەلی شەعبان کە فەرماندەی بەتالیۆنەکە بووە کە دوای بەتالیۆنی 6 کرایە بەهێز پاشان شەهید حەمەدئەمین چووە لای شەهید تانجۆ یونس کە فەرماندەی بەتالیۆنی 2 بوو لە دۆڵی ئالان کە لەوکاتانە دەستی دایە چەکی شەرەف و مەردایەتی بۆ ساتێک کەم تەرخەم نەبوو لە ئەرکەکانی هەر بۆیەش لای بەرپرس و هەڤاڵان ڕیزی لێ دەگیرا زۆر خۆشەویست بوو.لەچەندین شەڕی قارەمانانە ڕۆڵی هەبوو دژی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ. چەندین جار بریندار بوو پاش بەیانی ئادار لە ساڵی 1970 شەهید (حەمەدئەمین سیساوەیی) بووە بە پاسەوانی سنوور لە فەوجی دۆڵی بالیسان لەسریەی یەک بوو بەشداری لەم شەڕانە و مەفرەزانەدا بەشداری هەبوو لەوانەی شەڕی بیستوین کلکەی کۆرین و قەرەنی ئاغا و زەنگ زنگە و شەڕی چیای بەنی هەریر لە ساڵی 1974 و شەڕی سەردەریان سنووری ئاکرێ دژی جاشەکانی بەعس.لە ساڵی 1971 ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خوالێخۆشبوو(زولێخا) پێکهێناوە خاوەن 2 کوڕو کچێکە، پاش نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول 1975 وەک هەزاران کەس لە هەڤاڵان و هاونیشتمانان ڕووی کردۆتە ئاوارەیی بەرەو وڵاتی ئێران لە سنووری شارۆچکەی شنۆ نیشتەجێ بوو. دوای چەند مانگێک گواسترایەوە بۆ ناوچەی ڕەبەت لە سنووری شارۆچکەی سەردەشت لە ساڵی 1976 شەهید حەمەدئەمین لەگەڵ مااڵن و منداڵی دەگەڕێتەوە کوردستان وپاش نائومێدیەکی زۆر و بەناچاری لە جنوبی عێراق نیشتەجێ بوو. شەهیدی نەمر هەر لە سەرەتای ساڵی 1980 سەر لە نوێ پەیوەندی حزبی بەستەوە بەرێکخستنە نهێنییەکانەوە پەیوەندی بە دکتۆر سەعید ئەحمەد نادر هەبوو ناوی نهێنی(سامان) بوو، دەورێکی باڵای هەبوو وکاری مەفرەزەی پارتیمان لە سنوری هەریر و شەقڵاوە تا ساڵی 1991 لە ڕاپەڕینەوە بەشدار کردووە دژی دام و دەزگای ڕژێمی بەس ڕاپەڕی شەهید لە سنووری باسرمە و تەنانەت هەولێریش دەورێکی باڵای هەبوو و ئەم ڕاپەڕینە پڕشکۆیە. لە ساڵی 1992 دووبارە هاوسەرگیری پێکهێناوە دەبێتە خاوەن 2کوڕ و 2کچ. لەگەڵ یەکەم تەشکیلاتی پێشمەرگە لە سنوری دەشتی هەریر کرا بە فەرماندەی بەتالیۆنی 2 سەربەهێزی کۆرەک بە فەرماندەیی هەڤاڵ ڕەسول فقی. شەهید لە تەشکیلاتی سەربازی دا لە سۆپای 7 پلەی نەقیب و پاشان موقەدەمی پێ بەخشراوە لە بەر لێهاتوویی و بەتوانایی خۆی بۆ بەفەرماندەی فەوجی 2و پاشان گواستراوەتە سوپای 7 کرایە بەرپرسی پشکنین و پێداچوونەوە. لەبەر زیرەکی و دڵسۆزی و لێهاتوویی پلەی عەقید پێ درا و لەهەمان کات کەسایەتی ناسراوی کۆمەڵایەتی دەڤەرەکەی بووە و لە ساڵی 2014هەر لەیەکەم هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان شەهید وەکو هەزاران پێشمەرگە لەبەرەنگار بوونەوەی تیرۆریستانی داعش بەشدار بووە وەک فەرماندە ڕۆڵی هەبووەلە سنوری زۆماری ڕەبیعەوە بە چەکی 106 بەشدار بوو دەورێکی زۆر کاریگەری بوو بەاڵم لەکاتێک لە گەرمەی شەڕدا بەرامبەر تیرۆریستانی داعش لەگەڵ پۆلێکی پێشمەرگە لە ڕۆژی 2014-10-25 شەهید دەبێت.

بۆ یاد و بیرەوەرییەکانی شەهیدی فەرماندە حەمەدئەمین سیساوی لە قەزای شەقڵاوە لەگەڵ خوشکی بەڕێزمان (جوان ئەحمەد) کارگێڕ و بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی 24ی سەفین پارتی دێموکراتی کوردستان کەسوکاری شەهیدمان بەسەرکردەووە و خۆشحاڵی خۆیان دەبڕی بۆیەسەرکردنەوەیان.

سەرەتا چاومان بە خاتوو(مۆژدە حەسەن) هاوسەری شەهیدی فەرماندە (حەمەدئەمین سیساوەیی) کەوت پەمشێوە هاتە ئاخەوتن: لە ساڵی 1991ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە چونکە پیاوی ڕۆژەکانی سەخت بووە و هەمیشە عاشقی پێشمەرگایەتی هەبووە بۆ باس کردن لە حزبایەتی و پارتایەتی ئەو بەچەندەها لاپەڕە وەسف ناکرێت چونکە هەمیشە خەباتی پڕ لە تێکۆشانی بووە.هاوسەرم شەهید(حەمەدئەمین سیساوەیی) مرۆڤێکی ڕاست و دروست بووە و کەسێکی دڵپاک بووە و هەمیشە حەزی لە ئاشتی و برایەتی هەبووە و پێشمەرگەیە و فەرماندەیەکی وەفادار بووە و ئێوە بەخۆتان دەتوانن بچن سەردانی فەرماندەی سەفین و یان سۆپای 7ی سەفین بکەن و پرسیار بکەن کە شەهیدی فەرماندە(حەمەدئەمین سیساوەیی) کی بوو؟چ ڕۆڵی هەبووە و کە هەردەم خۆی بە پێشمەرگەی پارتی و بارزانی دەزانی و هەرچی لەدەستی دەهات بۆ هاوسەنگەر و پێشمەرگەکانی دەکرد بەبێ جیاوازی، زۆرجار هاوسەرم باسی بیرەوەرییەکانی لە کاتی پێشمەرگایەتی کە لەگەڵ هێزی شەهیدی فەرماندە عەلی شەعبان لە بێتواتە دابووین و یان ڕۆژانی ئاوارەیی لە ئێران و هەتا دیسان باسی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی گوڵان و تەنزیماتی داخلی و چەندەها شتی تر باس دەکرد و یان چەندەها جار لە مەرگ گەڕابۆوە وهەمیشە هاوسەرم دەیگوت: ئێمە بە بنەماڵە هەرچەندی خزمەت ڕێبازی بارزانیمی نەمر بکەین بۆ کوردایەتی هەرکەمە ،بۆیە منیش وەک تاکێکی خانەوادەکەمان هەر لە تەمەنی لاوی بوومە پێشمەرگە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە دەڤەری بێتواتە لەم پێناوەدا ژیانی پڕ لە سەختی و دەربەدەریمان بینیوەو هەموو گیان و ماڵم هەمیشە ئامادەیی قوربانی بوونی بارزانی و ڕێبازەکەی بوو ،هەمیشە دەیگوت: پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی سەردەکەویت.کە شەڕی داعش دەستی پێکرد ئەو ئامادەی خۆی دەربڕی و تەحەمولی نەکرد و چەکی لە شان کرد و بەمنی گوت دەبێ بەرگری لە کوردستان بکەین و من ناتوانم لە ماڵم بم کە هاوسەنگەرانی من لە مەیدانی خەبات دابن ودواترچووە پیرمام لە فەرماندەیی سەفین و بەشداریان لە شەڕکان کرد و لە میحوەری زۆومار و ڕەبیعە و هەتا جارێکی چوو 35 ڕۆژ نەهاتەوە و هەردەم لە پەیوەندی دابووین و لەوەزعی ئەوان دەپرسی و ئەوکات کوڕم سیروان لەگەڵ دابوو و پێم گووت هاوسەنگەرەکانت گەڕانەوە ماڵ تۆش چەند ڕۆژێک بگەڕێتەوە کە ئەوەیش هەر دەیگوت دەگەڕێمە، کە گەڕایەوە باسی داعشی کرد وگوتی ئەگەر ئیرادەمان هەبێت سەردەکەوین و پێشمەرگە تاکو شارەزای تاکتیکی داعش دەبێت هەردەبی سەربکەوین و داعش ڕۆژێک دێت داعش شکست دەخوات و هەموو دونیا بەسەربەرزیەوە باسی پێشمەرگە دەکات کە توانیان لەگەڵ سەرۆک بارزانی بەرامبەر ئەو تیرۆریستانە شەڕ بکەن و سەربکەون و ئەو ڕۆژە نازانم کیە؟ دوای هاتەوە دیسان گووتی لەماڵ دەبوو و بی تاقەت دەبوو چونکە کاتێک دەیزانی هاوسەنگەر و یان پێشمەرگەیەک شەهید یان بریندار دەبوو تەحەمولی نەبوو و دەگەڕایەوە بەڕەکانی شەڕ و ئەو سەفەرەی کە هاتەوە چەند ڕۆژ لەماڵ بوو و لەو ماوەی سەردانی هەموو کەس و کار و یان نەخۆشەکان و پرسەکانی کردبوو و ئەو شەوە کە لەماڵ بوو کە بۆبەیانی دەچوو و نازانم ئەو ڕۆژ بەکەیف بوو و هەر بەمنی دەگووت چاوت لە منداڵەکان بێت و ئەو سەفەرە سیروان کوڕم لەگەڵ خۆم نابم دا لای تۆ بێت، پێم گوت ئەوەیش بە چونکە سیروان پێ ناخۆشە، هەروەها گووتی پێشمەرگایەتیە وئەگەر شەهید بم ئەوە سەربەرزیە لە پێناو کوردایەتی شەهید بم و ئێوە دەبێ شانازی بکەن من پێم دەگووت تۆ بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە،بەیانی زوو -22 10-2014 بەیانی کە پێش چوونی بە کوڕەکانی سیروان و سلێمانی گوت :ئاگات لە دایک و ماڵ بێت و پێش شەهید بوونی چەندەها جار پەیوەندیم پێوە دەکرد ئاگاتان لە خۆ بێت و خۆت بپارێزە و ئەوەیش بەمنی گوت وەزع باشە و ڕۆژی شەهید بوونی ئەو ڕۆژەی ئێمەی نارەد ماڵی خوشکی خۆی لە باسرمە کە لە دوکان بووم و بەمنی گووت چ دەکەی ومندااڵکان باشن و دواتر بەمنی گوت هەستە بڕۆ مندااڵکان ببە ماڵی خۆشکی من وپێم گوت چاوەروانی تۆ دەکەم بگەڕێتەوە و بەمنی گوت تۆ منداڵەکان ببە و هەرچی پێویستیان بوو بۆیان دابین بکە ڕێگا ڕێگا قسەی دەکرد و گوتم قسەی بکە لەگەڵم وهەر باسی ئەوەی دەکرد چاوت لە منداڵەکان بێت و ئەو دەیزانی لە پێناو کوردایەتی شەهید دەبێت بۆیە دوای ماوەیەک شەڕ لەبەرامبەر تیرۆریستانی داعش لە ڕەبیعە گیانی فیدای کوردستان کردوبۆیە ئەو لە گەڵ پۆلێکی پێشمەرگە شەهید بوو و کاتی هەواڵی شەهیدبوویان بۆمن نارد گووتم ئەو گەیشتە ئاواتی و دەیزانی شەهید دەبێت بۆیە ئێمە سەربەرزین بەشەهید بوونی و هەتا شانازی بەهەموو خەباتی پێشمەرگایەتی ئەو دەکەین کەقارەمانە خەباتی کرد تاڕۆژی شەهید بوونی .

دواتر چاومان بە (سلێمان) کچی شەهیدی فەرماندە(حەمەدئەمین سیساوەیی) کرد کە قوتابی زانکۆیە لەبەشی سیاسە و نێودەوڵەتەکان بەمشێوە هاتە ئاخەوتن: سەربەرزم بە شەهید بوونی باوکم کە لە پێناو کوردایەتی گیانی فیدا کرد و باوکم نموونە پێشمەرگە و باوک بووە بۆ ئێمە و هەمیشە هاوکاری ئێمە کردووە وەک دایکم باسی کرد ئەوە هەموو سیفەتە باشەکانی تێدابووە و مرۆڤێکی کۆمەاڵیەتی و ڕۆشنبیری و کەسایەتی ناسراو بووە، ئەورۆژەی کە باوکم چوو کە من قوتابی 6ی ئامادەی بووم و گەڕامەوە و باوکم من لە باوشی کرد و هەتا فرمێسیک لە چاوەکانی هات و هەتا چوو چاوی لەمن بوو چونکە لایەک منی زۆر خۆش دەویست کە منی بەناوی باوکی کردەبوو و لای تر ئەو ڕۆژە بۆمن زۆر نەخۆش بوو نازانم هەستم دەکرد شتێک ڕووەدات و پێش شەهید بوونی زۆر قسەمان کردودەیگوت کوڕم بخوێنە و چاوت لەماڵ بێت. دواتر زانیم ئەو ڕۆژە کە ئەودەگڕیا دیاربوو ئاخرین ڕۆژی دیداری ئێمە بوو.

دواتر چاومان بە پێشمەرگە دڵسۆز(سیروان) کوڕی شەهیدی فەرماندە(حەمەدئەمین سیساوەیی) کەوت کە لە ساڵی 2011 لەگەڵ باوکی بوویتە پێشمەرگە و ئەویش گوتی: باوکم کەسێکی تێکۆشەر و گیانفیدابوو بۆ ڕێبازی پارتی و بارزانی و بۆیە منیش وەک باوکم حەزم دەکرد پێشمەرگە بم و پەیوەندی بەریزەکانی پێشمەرگایەتی کرد و باوکم گوت بخوێنن و وازم لە خوێندن هێنا و بوومە پێشمەرگە و باوکم کەسێکی خۆشەویست لای پێشمەرگەکان لە سۆپای 7ی سەفین بووە و هیچ جیاواز نەدەکرد و هەمیشە لەگەڵ حەق و ڕاستی دابووە و پشتی ڕاستی دەکرد و هیچ کاتێک حەزی لە پلە و پایە نەبوو چونکە خۆی بە پێشمەرگە دەزانی و هەتا لەڕووی خواردن وەک پێشمەرگە بووە و هەمیشە سەردانی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگەکان دەکرد و هەمیشە باسی پێشمەرگایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی و بنەماڵەکەی دەکرد کە ئەوان چۆن خەباتیان کرد بۆ ئەمڕۆ و لەدەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆکوردستان لە میحوەری زووماڵ وردەبیعە 10 ڕۆژ چوومە لەگەڵ باوکم کە یەکەم شەڕ لە زومار بریندارببووم وهەروەها باوکم زۆر تەوجیهاتی دەدا بە پێشمەرگە و هەتا چەندەها شوین بوون کە سەنگەرەکانی پێشمەرگەکان بەسەردەکردەوە کە چ پێویستیان پێ هەیە و هەمیشە دەیگوت دەبێ وەرەمان هەبێت و چاونەترس و خۆڕاگر بین.

دواتر چاومان بە (ئیمان) کچی شەهیدی فەرماندە(حەمەدئەمین سیساوەیی) کەوت کە قوتابی پۆلی 6ی ئامادەیی و ئاواتیە بێتە پارێزەر کە خزمەتی کوردستان بکات کە باسی باوکی دەکرد زۆر دەگریا و دواتر گوتی: باوکم کەسێکی خۆشەویست لای ئێمە بووە و ئەو زۆر ئازیز و بەڕەحم بووە و هەمیشە من کە لەهەمووخوشک و برایەکانم بچووک بووم منی زیاتر خۆش دەویست و هەر شوێنێک کە دەچوو من لەگەڵی دەچووم و تەمەنم بچووک بووە و ئەو پێشمەرگە بوو و بەرگری لە کوردستان کرد و هەمیشە خۆزگەم ئەوەیە کە باوکم بگەڕێتەوە بەردەرگای ماڵ و من پێش هەموو ماڵ بچمە پێشوازی و ماچی بکەم وئەو منی لە باوەشم بکات و خۆزگە دەخوازم کە ئەو ڕۆژانە بگەڕێنەوە و باوکم کە هەمیشە دەم بەخەندە ببینمەوە دواتر دایکم گووتی ئەو بۆ کوردستان شەهید بووە و ئەو هەموو تەمەنی لە پێشمەرگایەتی بووە ،وەک کچ شەهیدێک ئاواتمە کە باوکم کە هەمیشە خۆزگە دەخواست کە ئێمە بخوێنین و ئەمساڵ تاقیکردنەوەکانم دەست پێ دەکات و ئاواتمە زانکۆ یاسا تەواو بکەم و ببمە پارێزەر تاکو خزمەتی کوردستان بکەم.